# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی رەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٢٤٤)ساڵی نۆزدەم ١٧/کانوونی یەکەم/٢٠١٩/زاینیی ٢٦/سەرماوەز/٢٧١٩/کوردی ٢٠/رەبیعی دووەم/ ١٤٤١ کۆچی

244


لەم ژمارەیەدا :


**بڕیاری ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠١٩ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان** ل١

رەتکردنەوەی یاسای ژمارە(٣) ساڵی ٢٠١٩

یاسای بە خاوەنکردنی ئەو زەوییانەی لە سنوری شارەوانییەکان زێدەڕۆییان لەسەر کراوە

**بڕیاری ژمارە(١٣)ی ساڵی ٢٠١٩ پەرلەمانی کوردستان** ل٢

**بڕیاری ژمارە(١٤)ی ساڵی ٢٠١٩ پەرلەمانی کوردستان** ل٤

**فەرمانی ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠١٩ پەرلەمانی کوردستان** ل٧

**رێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٩ وەزارەتی ناوخۆ** ل٩

رێنمایی تایبەت پێدانی موڵەتی جام رەش

**رێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩سەندیکای ژمێریاران و وردبینان** ل١٢

رێنمایی دامەزراندن و کارکردنی نوسینگەکانی خزمەتگوزاری راوێژکاری

(دارایی و ژمێریاری و کارگێری و باج)

**رێنمایی دارایی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠١٩ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ل١٧

هەڵوەشاندنەوەی رێنمایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٩

**بەیانی ژمارە (٣ – ٤ – ٥ – ٦ – ٧ – )ی ساڵی ٢٠١٩ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ل١٧

**بەیانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٩ وەزارەتی ناوخۆ** ل١٩

تایبەت سزای بەسەرچوونی مۆڵەتی شوفێری

**بەیانی ژمارە(٨)ی ساڵی ٢٠١٩ وەزارەتی پەروەردە** ل٢٠

**بەیانی ژمارە (٣٨ – ٣٩ – ٤٠ – ٤١ – ٤٢ )ی ساڵی ٢٠١٩ وەزارەتی تەندروستی** ل٢١



ناونیشان : هەولێر - چوار ڕیانی فرنسۆ میتران باڵەخانەی وەزارەتی داد.

☎ :(٢٢٤٥٥٠٨-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥١٤)

http//: www.moj.gov.krd

dad@moj.gov.krd

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢٤٤) السنة التاسع عشر ١٧/ كانون الاول/ ٢٠١٩ ميلادي ٢٦/سەرماوەز/ ٢٧١٩/كوردي ٢٠/ ربيع الثاني /١٤٤١ هجري

**244**


## في هذا العدد:


قرار رقم (١٣) لسنة ٢٠١٩ برلمان كوردستان - العراق ص ٢٢

قرار رقم (١٤) لسنة ٢٠١٩ برلمان كوردستان - العراق ص ٢٥

أمر رقم (٩) لسنة ٢٠١٩ برلمان كوردستان - العراق ص ٢٧

تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠١٩ نقابة المحاسبين والمدققين ص ٢٩

تعليمات تأسيس و مزاولة عمل مكاتب الخدمات الاستشارية ( المالية و المحاسبية و الادارية و الضريبة)


**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط**


قرار رقم (٤) لسنة ٢٠١٩ رئاسة أقليم كوردستان ص ١

تعليمات رقم (٥) لسنة ٢٠١٩ وزارة الداخلية ص ٩

تعليمات مالية رقم (١٤) لسنة ٢٠١٩ وزارة المالية والاقتصاد ص ١٧

بيان رقم (٣ – ٤ – ٥ – ٦ - ٧) لسنة ٢٠١٩ وزارة المالية والاقتصاد ص ١٧

بيان رقم (١١) لسنة ٢٠١٩ وزارة الدخلية ص ١٩

بيان رقم (٨) لسنة ٢٠١٩ وزارة التربية ص ٢٠

بيان رقم (٣٨ – ٣٩ – ٤٠ – ٤١ ) لسنة ٢٠١٩ وزارة الصحة ص ٢١



The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region, Publishing by Ministry of Justice

No. 244 Date : December , 17 , 2019 Vol.: 19



http//: www.moj.gov.krd
dad@moj.gov.krd

العنوان : اربيل- تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل
☎ :(٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

**سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان**
**ژمارە: د-٧٣٨ لە ٢٠١٩/١١/٢٦**

**بڕیار**
**ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠١٩**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی(یەكەم)ی ماددەی(دەیەم) لە یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی هەمواركراو و لەپێناو بەرژەوەندیی گشتی و بەلەبەرچاوگرتنی داواكاریی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران و ئاماژە بە تێبینیەكانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و بە مەبەستی پێداچوونەوە بە یاساكە و چارەسەركردنی كەموكوڕییەكان لە بڕگە و ماددەكانیدا ، بڕیارماندا بە:-
ڕەتكردنەوەی یاسای ژمارە(٣) ساڵی ٢٠١٩ ، یاسای بە خاوەنكردنی ئەو زەوییانەی لە سنوری شارەوانییەكان زێدەڕۆییان لەسەر كراوە لە هەرێمی كوردستان _ عێراق و گەڕاندنەوەی بۆ پەرلەمانی كوردستان.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆكی هەرێمی كوردستان**

**هەولێر**
**٢٠١٩/١١/٢١**

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ١٣**

**مێژووی بڕیار: ٢٠١٩/١١/١٣**

**بــڕیــار**

**ژمـارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٩**

پشــت بەســتن بە حـوکمی بـڕگەی (دووەم و چـوارەم) لە مـاددەی (٢٨) و مـاددەی (٣٤) لە پەیـڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٧)ی خـولی هەڵبژاردنی پێنجەم لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/١٣ ی بەسترا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:-

**یەکەم:** قبــوولکردنی دەســت لە کارکێشــانەوەی ئەم ئەنـدامانەی پەرلەمــان کە ناویــان لە خــوارەوەدا هاتووە ، لەو لیژنانەی خوارەوە:

١- (ارشد حسێن محمد) لە ئەندامیەتی لیژنەی کاروباری یاسایی.
٢- (علی حمە صالح ) لە ئەندامیەتی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری.
٣- (نزار ملا عبدالغفار) لە ئەندامیەتی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە.
٤- (ڕۆمیۆ حزیران نیسان) لە ئەندامیەتی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە.
٥-(شاخەوان رؤوف مصطفی) لە ئەندامیەتی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە.
٦- (محی الدین حسن یوسف) لە ئەندامیەتی لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری.
٧- (زێدان رشید خان اودل) لە ئەندامیەتی لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری .
٨- (اسماعیل علی طه) لە ئەندامیەتی لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری.
٩- (عثمان علی سمایل) لە ئەندامیەتی لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری.
١٠- (صباح محمود محمد) لە ئەندامیەتی لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری.
١١- (شادی نوزاد وهاب) لە ئەندامیەتی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.
١٢- (سەروان محمد علی) لە ئەندامیەتی لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی
١٣- (عبدالناصر احمد علی) لە ئەندامیەتی لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی
١٤- (رزگار محمد محمود) لە ئەندامیەتی لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی
١٥-(ئاشنا عبدالله قادر) لە ئەندامیەتی لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی.
١٦- (عبدالستار مجید قادر) لە ئەندامیەتی لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی.
١٧- (سلمە فاتح تۆفیق) لە ئەندامیەتی لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی.
و لە ئەندامیەتی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی لە مافی مرۆڤ.
١٨- (سفین اغا عمر) لە ئەندامیەتی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم.

١٩-(بەڵێن اسماعيل حاجى) لە ئەندامیەتی لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی
٢٠- (شوان كريم محمد) لە ئەندامیەتی لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار.
٢١- (بهجت على ابراهيم) لە ئەندامیەتی لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار.
٢٢- (ظاهر محمد على) لە ئەندامیەتی لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار.
٢٣- (هاورێ بناء محمد) لە ئەندامیەتی لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار.
٢٤- (سعيد مصطفى تەتەرخان) لە ئەندامیەتی لیژنەی رۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان .
٢٥- (لقمان حمد حاجى) لە ئەندامیەتی لیژنەی رۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان .
٢٦- (مسلم عبدالله رسول) لە ئەندامیەتی لیژنەی رۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان .
٢٧- (رۆبينا اويملك عزيز) لە ئەندامیەتی لیژنەی دەسپاکی.
٢٨- (كاوه عبدالقادر حسن) لە ئەندامیەتی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
٢٩- (جوان يونس محمد) لە ئەندامیەتی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی لە مافی مرۆڤ.
٣٠- (احسان محمد سليم) لە ئەندامیەتی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی لە مافی مرۆڤ.

**دووەم:** زیادکردنی ئەم ئەندامانەی پەرلەمان کە ناویان لە خوارەوەدا هاتووە لەو لیژنانەی خوارەوە:

١- (رۆژن ابراهيم على) لیژنەی کاروباری یاسایی.
٢- (سەرکۆ ئازاد حسين) لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری.
٣-(بەڵێن اسماعيل حاجى) لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری.
٤- (بژار خالد عبدالله) لیژنەی کاروباری پێشمەرگە.
٥- (سعيد مصطفى تەتەرخان) لیژنەی کاروباری پێشمەرگە.
٦- (باپير كاملا سليمان) لیژنەی کاروباری پێشمەرگە.
٧- (رزگار محمد محمود) لیژنەی کاروباری پێشمەرگە.
٨- (گلستان باقى سليمان) لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری.
٩- (عبدالستار مجيد قادر) لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری.
١٠- (هلز احمد محمد) لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری.
١١- (جنان جبار بويا) لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری.
١٢- (احسان محمد سليم) لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری.
١٣- (مسلم عبدالله رسول) لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.
١٤- (لنجه ابراهيم عبدالرحمن) لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی .
١٥- (رۆژان محمد كريم) لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی.
١٦- (شاخەوان رؤوف مصطفى) لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی.
١٧- (ابوبكر عمر عبدالله) لیژنەی پەیوەندییەکان و رەوەندی کوردستانی.

١٨- (رۆبينا اويملك عزيز) لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم.
١٩- (على حمه صالح) لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی.
٢٠- (نجاه شعبان عبدالله) لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار.
٢١- (زێدان رشيدخان اودل) لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار.
٢٢- (لقمان محمد حاجى) لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار.
٢٣- (محى الدين حسن يوسف) لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار.
٢٤- (گليزار رشيد حاجى) لیژنەی رۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان.
٢٥-(سلمه فاتح توفيق) لیژنەی رۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان.
٢٦- (هێڤيدار احمد سلمان) لیژنەی دەسپاکی.
٢٧- (كاظم فاروق نامق) لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
٢٨- (ليلى عبدالجبار حدو) لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی لە مافی مرۆڤ.
٢٩-(شيرين يونس عبدالله) لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی لە مافی مرۆڤ.
و لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی.
٣٠- (ذكرى احمد اسماعيل) لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی لە مافی مرۆڤ.
٣١-(هيمداد صباح بلال) لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی لە مافی مرۆڤ.
٣٢- (حسيبه سعيد ابرهيم) لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی لە مافی مرۆڤ.

**سێیەم:** ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوونی لە ٢٠١٩/١١/١٣ـەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاو دەکرێتەوە.

**د.رێواز فایق حسێن**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ١٤**

**مێژووی بڕیار: ٢٠١٩/١١/١٣**

**بـڕیـار**

**ژمـاره (١٤)ی ساڵی ٢٠١٩**

پشت بەستن بە حوکمی ماددەکانی (٢٨ و٢٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٧)ی خولی هەڵبژاردنی پێنجەم لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/١٣ ی بەسترا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا :

**یەکەم:**

**١- لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان :**

١- أرشد حسين محمد
٢- نزار ملا عبدالغفار
٣- محسن حسين مصطفى
٤- حكمت محمد عبوزيد
٥- رزگار عيسى سوار
٦- باڵانبۆ محمد علی
٧- عبدالناصر احمد علی
٨- هاورێ بناء محمد
٩- شاخەوان رؤوف مصطفى
١٠- ياسين خضر طه
١١- كاوه عبدالقادر حسن

**٢- لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان :**

١- سفين اغا عمر
٢- ظاهر محمد علی
٣- بهمن كاك عبدالله احمد
٤- بهجت علی ابراهيم
٥- شوان كريم محمد
٦- هاورێ بناء محمد
٧- شەمۆل اشين صابر

٨-دابان محمد حسین
٩- عثمان علی سمایل
١٠- موژده محمود محمد
١١- سارا دلشاد بکر

**٣-لیژنەی کاروباری پەرلەمان و سکاڵا :**

١- سوسن محمد میرخان
٢- چیا حمید شریف
٣- ریڤینگ محمد محمدعلی
٤- سروان محمد علی
٥- خدیجە عمر طه
٦- راهی راهبەر ابراهیم
٧- هەژان حسن احمد
٨- شایان کاکە صالح
٩- اسماعیل علی طه
١٠- هیمداد صباح بلال
١١- فرید یعقوب ایلیا

**٤-لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت :**

١- جلال محمد عبدالله
٢- لنجە ابراهیم عبدالرحمن
٣- جوان یونس محمد
٤- سلمی فاتح توفیق
٥- گلستان سعید محمد
٦- ئاشنا عبدالله قادر
٧- شادی نوزاد وهاب
٨- بدریە اسماعیل محمود

**دووەم:** پێویستە ئەندامانی لیژنەکان (سەرۆك و جێگر و بڕیاردەر) هەڵبژێرن.

**سێیەم:** ئەم بڕیارە لە رۆژی ٢٠١٩/١١/١٣ەوە جێبەجێ دەکرێ و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**د.ڕێواز فایق حسێن**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی فەرمان: ٩**
**مێژووی بڕیار: ٢٦ / ١١ / ٢٠١٩**

**فەرمانی**
**ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٩**

پشت بە بڕیاری ژمارە (٤ و ١٤)ی ساڵی ٢٠١٩ی پەرلەمانی کوردستان و حوکمی بڕگەکانی (سێیەم وپێنجەم) لە ماددەی (٢٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ئەندامانی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان کە ناویان لە خوارەوە هاتووە ئەم ئەرك و فەرمانانە دەگرنە ئەستۆ کە بەرامبەر هەریەکەیان دیاریکراوە:

**یەکەم: لیژنەی کاروباری پێشمەرگە:**

١- رزگار محمد محمود بریاردەری لیژنە

**دووەم: لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان:**

١- شاخەوان رؤوف مصطفی سەرۆکی لیژنە
٢- باڵانبۆ محمد علی جێگری سەرۆکی لیژنە
٣- حکمت محمد عبوزید بڕیاردەری لیژنە

**سێیەم: لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری:**

١- عبدالستار مجید قادر سەرۆکی لیژنە

**چوارەم: لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:**

١- مسلم عبدالله رسول جێگری سەرۆکی لیژنە

**پێنجەم: لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی:**

١- ابوبکر عمر عبدالله بڕیاردەری لیژنە

**شەشەم: لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی:**

١- علی حمە صالح سەرۆکی لیژنە

**حەفتەم: لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار:**

1 ـ لقمان حمد حاجی سەرۆکی لیژنە

**هەشتەم: لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان:**

١- هاوڕێ بناء محمد سەرۆکی لیژنە
٢- بهمن علی ابراهیم جێگری سەرۆکی لیژنە
٣- ظاهر محمد علی بڕیاردەری لیژنە

**نۆیەم: لیژنەی رۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەزرش و لاوان:**

١- سلمى فاتح تۆفیق سەرۆکی لیژنە

**دەیەم: لیژنەی کاروباری پەرلەمان و سکاڵا:**

١- اسماعیل علی طه سەرۆکی لیژنە

٢- چیا حمید شریف جێگری سەرۆکی لیژنە

**یازدەیەم: لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت:**

**١-** لنجه ابراهیم عبدالرحمن سەرۆکی لیژنە

**٢-** ئاشنا عبدالله قادر جێگری سەرۆکی لیژنە

**د.رێـواز فـایـق حسێن**
**سـەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١٧٢١٠ لە ٢٠١٩/١٠/١٠**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ بڕیارماندا بە دەرچواندنی ئەم رێنماییە:-

**رێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٩**
**رێنمایی پێدانی مۆڵەتی جام ڕەش**

**پێناسەکان**

**ماددەی (١):-**

**١- هەرێم :** هەرێمی کوردستانی عێراق..

**٢-وەزیر :** وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان

**٣-بەرێوەبەرایەتی:** بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی پارێزگاکانی هەرێم.

**٤-مۆڵەت:** مۆڵەتی جام ڕەش.

**٥- جام ڕەش:** ئەو جامانەی ئۆتۆمبێل کە لە بنەڕەت لە کۆمپانیا بە رێژەی (٣٠٪) و (٥٠٪) ڕەشن.

**٦-جام ڕەش کردن:** ئەو جامانەی ئۆتۆمبێل کە بە لەزگەی تایبەت بە رێژەی (٣٠٪) و (٥٠٪) ڕەش دەکرێن .

**ماددەی (٢):-**

مەبەست لەم رێنماییە رێکخستنی مۆڵەتی جام ڕەشی ئۆتۆمبێلە کە خاوەنەکانیان کەسانی سروشتی یان معنوین بەرامبەر رسوماتێکی کارگێری دیاری کراو .

**مەرجەکانی پێدانی مۆڵەت**

**ماددەی (٣):-**

**١-** پێشکەش کردنی داواکارییەك لەو بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆیە کە ئۆتۆمبێلەکەی لێ تومارکراوە.

**٢-** پێویستە ئۆتۆمبێلی تومارکراو هەڵگری تابلۆی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بێت.

**٣-**مۆڵەتی جام ڕەش بۆ ماوەی (١) یەك ساڵ دەبێت و ساڵانە نوێ دەکرێتەوە.

**مەرجە هونەرییەکان**

**ماددەی (٤):-**

١- جامی ڕەشی ئۆتۆمبێل نابێت لە رێژەی (٥٠٪) تێپەر بکات.

٢- جامی ڕەش جگە لە جامی پێشەوە دوو جۆر دەبێت.

أ- جامی ڕەش دوو جامی دواوەی شوفێر و جامی پشتەوەی و جامەکانی کورسی سێیەم ئەگەر ئۆتۆمبێلەکە ستێشن بێت.

ب- جام ڕەش کردنی تەواوی جامەکانی ئۆتۆمبێل.

ت- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە کۆمپانیاوە جامەکانی ڕەشن هەمان بڕگەی (أ ، ب)ی سەرەوە بەسەریان جێبەجێ دەکرێت.

٣- جامی ئۆتۆمبێل بە ئامێری تایبەت پشکنینی بۆ دەکرێت بۆ زانینی ڕێژەی تاریکی جام لە بنەرەتەوە دواتر بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی هەرێم نووسراو دەکەن بۆ شوێنی تایبەت بە جام ڕەش کردن و بەبێ نووسراو هیچ شوێنێك بۆی نیە جامی ئۆتۆمبێل ڕەش بکات.

٤- لە ئامێری سزای ئەلکترونی ئۆتۆمبێل بڕگەی جامی ڕەش زیاد دەکرێت بۆ زانینی ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە مۆڵەتی جامی ڕەش یان پەردەیان هەیە.

٥- دوای ڕەشکردنی جام دووبارە بە ئامێری تایبەت پشکنینی بۆ دەکرێت و نابێت لەو ڕێژانەی دیاری کراون لەم ڕێنماییە زیاتربێت .

٦- دوو ستیکەری تایبەت دروست دەکرێت بۆ هەر دوو ڕێژەی (٣٠٪) و (٥٠٪) و لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ لە گشت جامە ڕەشەکانی ئۆتۆمبێل دەدرێت لە دیوی ناوەوە و دەرەوە خوارووی لای ڕاستی دیوی شوفێر و خوارووی لای چەپی دیوی سەرنشین.

٧- جامی شوفێر و تەنیشتی نابێت لە ڕێژەی (٣٠٪) زیاتر ڕەش بکرێت.

٨- جامی پێشەوەی ئۆتۆمبێل نابێت ڕەش بێت یان ڕەش بکرێت.

٩- ماددەی چوارەم لەسەر ئەو ئۆتۆمبێلانە جێبەجێ دەکرێت کە لە بنەڕەت دا کۆمپانیای دروستکەر پەردەیان بۆ دانراوە.

١٠- ڕسوماتی ماددەی پێنجەم بڕگەی (٤،٣) بۆ پەردە وەردەگیرێت کە لە بڕگەی (٨)ی سەرەوە ئاماژەی پێ دراوە.

**ماددەی (٥):-**

**ڕسوماتی کارگێری و سزا داراییەکان:**

**١-** بڕی (٤٠٠,٠٠٠) چوار سەد هەزار دینار ساڵانە وەردەگیرێت بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بەپێی بڕگەی (٢/أ) لە ماددەی چوارەم جامەکانی بە ڕێژەی (٣٠٪) ڕەش دەکەن.

٢- بڕی (٦٠٠,٠٠٠) شەش سەد هەزار دینار ساڵانە وەردەگیرێت بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بەپێی بڕگەی (٢/ب) لە ماددەی چوارەم جامەکانی بە ڕێژەی (٣٠٪) ڕەش دەکەن.

٣- بڕی (٨٠٠,٠٠٠) هەشت سەد هەزار دینار ساڵانە وەردەگیرێت بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بەپێی بڕگەی (٢/أ)لە ماددەی چوارەم جامەکانی بە ڕێژەی (٥٠٪) ڕەش دەکەن.

٤- بڕی (١,٢٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن و دوو سەد هەزار دینار ساڵانە وەردەگیرێت بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بەپێی بڕگەی (٢/ب) لە ماددەی چوارەم جامەکانی بە ڕێژەی (٥٠٪) ڕەش دەکەن.

٥- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە کۆمپانیا جامی پشتەوە و تەنیشتی سەر سندوق ڕەشە بەدەرن لەم ڕێنماییانە.

٦- بڕی (٢٥,٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار رۆژانە وەك سزای دواكەوتن لە خاوەنی ئۆتۆمبێل وەردەگیرێت ئەگەر مۆڵەتی جام ڕەش كردنەوەی نوێ نەكاتەوە.

٧- بڕی (٢٥,٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار وەك رسوماتی كارگێری وەردەگیرێت لە كاتی پێشكەش كردنی داواكاری بۆ پێدانی مۆڵەت جام ڕەش یان نوێ كردنەوەی مۆڵەت.

٨- بڕی (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینار وەك سزا وەردەگیرێت لەو ئۆتۆمبێلانەی كە بەبێ مۆڵەت یان بەپێچەوانەی ئەم رێنماییە جامی ئۆتۆمبێلەكەی ڕەش كردبێت سەرەڕای دەست بەسەرداگرتنی ئۆتۆمبێلەكەی بۆ ماوەی (٧) رۆژ و لابردنی جام ڕەشەكان یان سەرپێچییەكان.

٩- بڕی ئەو پارانەی سەرەوە دەخرێتە سەر حسابی پەرەپێدانی هاتووچۆی پارێزگاكان.

## ئەحكامە كۆتاییەكان

**ماددەی (٦):-**

پێویستە لەسەر گشت مەفرەزەكانی (پۆلیس، هاتووچۆ، ئاسایش) و مەفرەزە هاوبەشەكان دەست بەسەر ئەو ئۆتۆمبێلانە بگرن كە بەپێی ئەم رێنماییە مۆڵەتیان وەرنەگرتووە و رەوانەی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند بكرێت بۆ وەرگرتنی رێكاری یاسایی پێویست لە بەرامبەر خاوەن ئۆتۆمبێلەكە.

**ماددەی (٧):-**

ماددەی پێنجەم ئۆتۆمبێلەكانی هەڵگری ئەم جۆرە تابلۆیانە ناگرێتەوە:

١- ئۆتۆمبێلەكانی پرۆتۆكۆلی حكومەت كە هەڵگری تابلۆی پرۆتۆكۆلن.

٢- ئۆتۆمبێلەكانی سەرۆكایەتی هەرێم كە هەڵگری تابلۆی پرۆتۆكۆلن.

٣- ئۆتۆمبێلەكانی كونسولگەرییەكان كە هەلگری تابلۆی دیپلۆماسین.

**ماددەی (٨):-**

**١-** جامی ڕەش بۆ ئۆتۆمبێلی میری جگە لەو ئۆتۆمبێلانەی كە لە ماددەی حەوتەم دیاریكراون قەدەغەیە و سەرۆكی فەرمانگە بەرپرسیارە لەم حالەتە و هەمان رێكارەكانی ماددەی شەشەم بەرامبەریان پەیڕەو دەكرێت.

**٢-** جامی ڕەش تەنها ئۆتۆمبێلەكانی هەڵگری تابلۆی شارستانی دەگرێتەوە.

**ماددەی (٩):-**

ئەو رێنماییە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەكرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان) بڵاودەكرێتەوە.

**رێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**

**سەندیکای ژمێریاران و ووردبینان**

**ژماره : ٨٧١٢ له ٢٠١٩/١٢/٥**

پاڵپشـت بە ئەحکامەکـانی یاسـای ژمـارە (١٨)ی سـاڵی ٢٠٠٢ و ڕەزامەنـدی ئەنجومـەنی سـەندیکای ژمێریاران و وردبینـانی کوردسـتان لـە کۆبـونەوەی بـەرواری (٢٠١٩/١١/٣) بڕیارماندابـە دەرکردنـی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:-

**ڕێنمایی ژماره (٢)ی ساڵی ٢٠١٩**

**ڕێنمایی دامەزراندن و کارکردنی نوسینگەکانی خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری (دارایی و ژمێریاری و کارگێری و باج)**

**یەکەم:-** مەبەست لەم زاراونەی خوارەوە واتاکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم ڕێنماییە:-

١- **سەندیکا:-** سەندیکای ژمێریاران وردبینانی هەرێمی کوردستان .

٢- **لیژنە:-** لیژنەی سەرپەرشتی کردنی کاری نوسینگەکانی خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری .

٣- **نووسـینگەی خزمـەتگوزاری و ڕاوێژکـاری:-** کەسـێك یـان چەنـد کەسـانێکی سروشـتی مۆڵـەت پێدراون بەپێی ئەم ڕێنماییە لەلایەن ئەنجومەنی سەندیکا بـەپێی خـاوەن شـارەزایی و لێهـاتووی تەواوبن ، پاش دەربازبوون لەو تاقیکردنەوەی کە لەلایەن ئەم لیژنەوە ئەنجام دەدرێت .

٤- **نووسـینگەی ڕاوێژکـاری:-** ئەو نوسـینگە مـۆڵەت پێـدراوە بە پراکتیکـی پیشـەیی خزمەتگـوزاری ( ڕاوێژکاری دارایی و ژمێریاری و کارگێری و باج ) بۆ هەموو لایەنەکـانی میـری و کەرتـی تـایبەت بەرامبەر بەکرێ .

**دووەم:-** مەبەسـت لـە خزمـەتگوزاری ڕاوێژکـاری (دارایـی و ژمێریـاری و کـارگێری و بـاج ) ئەمـەی خوارەوەیە :-

١- خزمەتگوزاری ژمێریاری و دارایی پەیوەست بە ڕاهێنانی ژمێریار و وردبینـی نـاوخۆ و کـردنەوەی خولی دارایی و کارگێری و پیشەیی لەم بوارانەدا.

٢- پێشخستن و هەڵسەنگاندنی بەرنامەی ژمێریاری و بەرنامەی وردبینی ناوخۆ و چاودێری ناوخۆ .

٣- نرخانـدنی هـەبووەکان خوێنـدنەوەو و هەڵسـەنگاندنی سیسـتەمی چـاودێری نـاوخۆ وە دووبـارە ڕێکخستنەوەی یەکە ئابورییەکان وە دامەزراندنی وەرشەی کـارکردنی پێویسـت بـۆ پێشخسـتن و پێگە یاندنی کارمەندی یەکە ئابورییەکان .

٤- خـولی ڕاهێنـان لەسـەر پێـوەرە نێودەوڵـەتیەکان (ژمێریـاری و وردبینـی) وە پیشـتگیری کردنـی ژمێریاری بۆ هەنگاونان بەرەو جێبەجێ کردنی (IFRS) .

٥- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ڕاوێزکاری باج ئەوەش هەموو ئەو خزمەتگوزاریانە دەگرێتەوە کـە پەیوەسـتن بـە لێبڕینـی ڕاسـتەوخۆی بـاج ، بـاجی کۆمپانیاکـان لـە هـەژمارکردن و پێداچونـەوە ، نوێنەرایەتی کردن و واژۆکردنی لە جیاتی و دانی تێچـووی بـاج و پـۆزش لەسـەر خەمڵانـدن ، وە وەرگرتنی ئەستۆپاکی وە هەر مامەڵەکی تر پەیوەست بە فەرمانگەی باج .

**سێیەم:-** لیژنەی خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری لە چوار کەس پێك دێت هەر وەکو لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە وە بەردەوام دەبیت بۆ چوار ساڵ – یەك جار نوێ دەکرێتەوە – ( خەرجی و داهاتی بەشێك دەبێت لە بوودجەی سەندیکا ) وە بارەگای کارکردنی لە ناو سەندیکا دەبێت .

١- دکتۆرا لە ژمێریاری یان ژمێرکاری یاسایی هەڵدەبژێردریت لەلایەن ئەنجومەنی سەندیکا سەرۆك .

٢- نوێنەری کۆمەڵەی زانستی ژمێرکارانی یاسایی ئەندام .

٣- نوێنەری ئەنجومەنی پیشە هەڵگری بڕوانامەی باڵا بێت ئەندام .

٤- بڕیاردەری لیژنە دیاری دەکرێت لەلایەن ئەنجومەنی سەندیکا ئەندام .

**چوارەم:-** ئەندامانی سەندیکا بۆیان هەیە داواکاری پێشکەش بکەن بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی شارەزای خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە :-

١- دەبێت کەسێکی سروشتی یان چەند کەسانێك بن .

٢- دەبێت ڕەگەزنامەی عێراقی بێت .

٣- دەبێت هاووڵاتی هەرێم بێت .

٤- دەبێت بڕوانامەی زانکۆی لە یەکێك لە پسپۆرییەتی ژمێریاری یان کارگێری هەبێت و باشتر وایە هەڵگری بڕوانامەی بەرزبێت .

٥- شارەزایەکەی لە (١٥) ساڵ کەمتر نەبێت بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس وە (١٢) ساڵ بۆ هەلگرانی بڕوانامەی ماستەر وە (١٠) ساڵ بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆرا پاش بەدەست هێنانی بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتایی .

٦- کۆمپانیای وردبینی و ژمێرکارانی یاسایی وە ڕێکخەری ژمێرکاری دەتوانن داواکاری پێشکەش بکەن بۆ بەدەست هێنانی مۆڵەت بە مەرجێك کەسانی سروشتی بن .

٧- شوێنی کارکردنی گونجاوی هەبێت بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری وە وێنەیەك لە گرێبەستی بەکرێ گرتن (یاخود سەنەدی تاپۆ) بۆ ئەنجومەنی سەندیکا ڕەوانە بکات وە کۆمپانیاکانی وردبین و ژمێرکارانی یاسایی و ڕێکخەری ژمێریاری دەتوانن لە بارەگای کۆمپانیا یان نوسینگەکانی خۆیان ئەم کارە ئەنجام بدەن .

٨- دەبێت خۆی تەرخان بکات بۆ پراکتیکی خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری ( واتا نابێت فەرمانبەری میری بێت) .

**پێنجەم:-** ڕێو شوێنی دامەزراندن:-

١- پێشکەش کردنی داواکاری دامەزراندن واژوو کرابێت لەلایەن دامەزرێنەر (دامەزرێنەران) وە بەڵگەی پێویستی پێوە هاوپێچ بکرێت.

٢- لیژنەی تایبەت بە پێدانی مۆڵەت بانگهێشتی پێشکەش کاری داواکردنی دامەزراندن دەکات وە گفتوگۆی لەگەڵ ئەنجام دەدات( وە هەر تاقیکردنەوەیەك پێویست بێت ئەنجامی بدات) تاکو دڵنیا بێت لە شارەزایی پیشەیی و لێهاتووی وە راستی و دروستی بەڵگەکانی پێشکەشی کردووە .

٣- بریار لەسەر ڕازی بوون یان ڕازی نەبوون لە داواکارییەکە دەدرێت لە ماوەی (٦٠) رۆژ پاش بەرواری چاوپێکەوتن لەگەڵ پێشکەش کاری داواکاری وە ئەگەر ماوەی دیاری کراو تێپەری بێ بریاردان کەواتە داواکارییەکە قبوڵ کراوە .

٤- لە کاتی ڕەتکردنەوەی داواکاری دەبێ بە هۆکارێکی دروست بێت و خاوەنەکەی بۆی هەیە تانە لەم بریارە بگرێت لە ماوەی (٣٠) رۆژ لەلایەن ئەنجومەنی سەندیکا وە بریاری ئەنجومەن کۆتا بڕیارە لەم بارەیەوە .

٥- لیژنە بۆی هەیە پەنا بەرێتە بەر شارەزایان و پسپۆران وە خاوەن بڕوانامەی بەرز لە کاتی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن و تاقیکردنەوە ئەگەر پێویست بکات .

**شەشەم:-** بڕی ئەم رسوماتانە لە نوسینگەکانی ڕاوێژکاری وەردەگیرێت:-

١- ڕەسمی پێدانی کردنەوەی مۆلەتی نوسینگە (٢٠٠٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار.

٢- ڕەسمی ساڵانە (٧٥٠٠٠) حەفتاو پێنج هەزار دینار .

٣- ڕەسمی بڵاوکردنەوە لە بڵاوکردنەوەی ساڵانە (٢٥٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار .

**حەوتەم:-** پابەندبوونی نوسینگەکانی ڕاوێژکاری:-

١- پابەندبوون بە ڕێساکانی ڕەوشتی پیشەیی یەکێتی ژمێرکارانی نێودەولەتی (الاتحاد الدولي للمحاسبين).

٢- بەرپرسیاریەتی کەس و هاوبەشیەتی (تضامني) لە هەرکارێکی نووسینگە و فەرمانبەرەکانی .

٣- لیژنەی تایبەت بۆی هەیە هەر نووسینگەیەك ڕەوانەی لیژنەی بەرزەفتی بکات لە کاتی بوونی هەر سەر پێچیەك یاخود پێشکەش کردنی گلەیی و گازاندە دەربارەی کارەکانی نووسینگە .

٤- لیژنەی بەرزەفت بۆی هەیە ئەم سزایانە بسەپێنێت :-

أ- ئاگادارکردن ئەمەش بە نووسراوێك دەبێت ئاراستەی نووسینگە ڕاوێژکاری دەکرێت .

ب- قەدەغەکردنی کارکردن بۆ ماوەی یەك ساڵ .

ج- هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت .

٥- دەتوانرێت تانە لە بڕیاری لیژنەی بەرزەفتی بدرێت (لە لایەن سزا دراو) لە ئەنجومەنی سەندیکا لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە بەرواری ئاگادارکردن وە بریاری ئەنجومەن کۆتا بڕیارە لەم بارەیەوە.

٦- خاوەن مۆڵەتی هەڵوەشاوە بۆی هەیە پاش (٣) ساڵ تێپەربوون بەسەر هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی کارکردنی جارێکی تر داواکاری پێشکەش بکات بۆ بەدەست هێنانی مۆڵەت .

**هەشتەم:-** سڕکردنی چالاکی  نووسینگەی ڕاوێژکاری :

١- دامەزرێنەر یان دامەزرێنەرانی نوسینگەی ڕاوێژکاری بۆیان هەیە چالاکیەکانیان سڕبکەن بۆ ماوەیەك زیاتر نەبێت لە (٣) ساڵ بە مەرجێك سەندیکا بەمە بزانێ لە ماوەی (٣٠) رۆژ دا لە بەرواری دەست پێکردنی سڕکردنەکە وە بەلێننامەیەکی پێوە هاوپێچ بکرێت کە هیچ پاپەند بونێکیان بەرامبەر کەسانی تر نیە .

٢-  دەبێت سەندیکا بڕیاری سڕکردنەکە بڵاوبکاتەوە ، و ئاماژە بە بەرواری دەست پێکردنی و کۆتایی سڕکردنەکە بکات ( لە ڕێگای تابلۆی ئاگادارکردنەوە لە سەندیکا) .

٣- نوسینگەی سڕکراو بۆی هەیە بگەرێتەوە چالاکی خۆی پاش تەواو بوونی ماوەی سڕکردنەکە وە دەبێت سەندیکا لەوە ئاگادار بکاتەوە لە ماوەی (٣٠) رۆژ دا لە کۆتایی هاتنی سڕکرنەکە وە هەموو رسوماتی نوێکردنەوەی چالاکی ساڵانەی بدات .

٤- ئەگەر ماوەی سڕکردنەکە بەسەرچوو وە نووسینگە نەگەڕاوە بۆ چالاکی ، مۆڵەتی کارکردنی لێ وەردەگیرێتەوە .

٥- ئەو نووسینگەیەی مۆڵەتی لێ وەرگیراوەتەوە بۆی هەیە سەر لە نوێ داوای مۆڵەتی کارکردن بکات پاش وەرگرتنەوەی مۆلەتی یەکەمی .

**نۆیەم:-** نەمانی نووسینگەی ڕاوێژکاری :-

١- لەسەر داوای دامەزرێنەر یان دامەزرێنەرەکان .

٢- مردن : ئەگەر دامەزرێنەر  یەك کەس بێت وە ئەگەر زیاتر لە کەسێك بێت ئەوانەی تر بەردەوام دەبن وە ناوی نووسینگە دەگۆردرێت ئەگەر پێویست بکات .

٣- لە دەست دانی یەك لە مەرجەکانی دامەزراندن ئەگەر هاتوو دامەزرێنەر تاکە کەس بوو وە ئەگەر زیاتر لە کەسێك بوو نووسینگە بەردەوام دەبێت بە هاوبەشەکانی تر .

٤- هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی نوسینگەی راوێژکاری بەپێی  ئەم ڕێنماییانە.

٥- مەرجە بۆ نەمانی نوسینگە بریارێك لەلایەن لایەنی مۆڵەت پێدراو دەربچێت .

٦- ئەرکی سەندیکای ژمێریاران  و وردبینانە بریاری نەمانی نووسینگە بچەسپێنیت لە تۆمارەکانی وە بڵاویشی بکاتەوە ( لەڕێگای تابلۆی ئاگادارکردنەوە لە سەندیکا).

**دەیەم:-**

١- نابێت نوسینگەی ڕاوێژکاری پراکتیکی خزمەتگوزاری باج ئەنجام بدات تاکو بریکاری فەرمی وەرنەگرێت لەلایەن (باجدەر) وە مۆر کرابێت لە (فەرمانگەی دادنووس) وە ئەوانەی بریکاری فەرمی وەردەگرن دەبێت ڕێپێدراوبن لەلایەن نوسینگەی ڕاوێژکاری و فەرمانبەری نوسینگەبن وە لەلایەن لیژنە تۆمارکرابن .

٢- دامەزرێنەر یان (دامەزرێنەران)ی نووسینگە بەڵێنامەك دەدەن کە ئەو فەرمانبەرانەی لەلایان کار دەکەن لە هیچ  نووسینگەیەکی تر کار ناکەن وە پابەند نەبوون بەم بەلێنە بە کەمتەرخەمی پیشەیی هەژماردەکرێت وە سزای بە دواوەیە بەپێی ئەم رێنماییە .

٣- هەموو نووسینگەکانی ڕاوێژکاری پاش دامەزراندنی مۆڵەتی پراکتیکی پیشەیی پێ دەدرێ لە شوێنی کارکردنی هەڵدەواسێت وە بەکاری دەهێنێت لە کاتی ئالوگۆڕکردنی پەیوەندیەکانی بۆ سەلماندی مۆڵەتی پراکتیکی پیشەیی وە بەرپرسیاریەتی لیژنەیە ئەرك و ڕاوێژکاری دەسەڵاتی هەر نووسینگەیەك دیاری بكات كە مۆڵەت پێدراوە بەپێی ئەم ڕێنماییە .

**یازدەم:-**

١- ناونیشانی نوسینگەی ڕاوێژکاری تۆمارکراو بەکاردێت لە کاتی پەیوەندی کردن و ئاگادارکردنەوە .

٢- لیژنەی سەرپەرشتی کردنی نوسینگەکانی خزمەتگوزاری راوێژکار بۆی هەیە چاو بخشێنێتەوە بە ڕەسمی پێدانی مۆلەت و ڕەسمی ساڵانە وە ڕەسمی بڵاوکردنەوەی ساڵانە بە رەچاوکردنی بارودۆخی ئابووری هەرێم .

٣- نووسینگە دەبێت ناوی تەواوی بچەسپێنێت لە شوێنی کارکردنی وە دەبێت ناوی تەواوی لە هەموو بڵاوکراوەکانی بچەسپێنێت .

٤- لیژنە ساڵانە ناوی ئەو نووسینگە راوێژکارییانە بڵاو دەکاتەوە كە مۆڵەتیان وەرگرتووە بەپێی ئەم ڕێنماییە ،وە سەندیکای ژمێریاران بۆی هەیە بڵاوی بکاتەوە لە سێ مانگی یەکەمی هەر ساڵێك وە تەنها ئەو نووسینگانەی ناویان بڵاوکراوەتەوە فەرمین وە مۆڵەت پێدراوی پراکتیکی پیشەین .

٥- بە مەبەستی ئاسانکردنی جێبەجی کردنی ئەم ڕێنماییە لیژنەی سەرپەرشتی کردنی کاری نووسینگەکانی ڕاوێژکاری دەتوانێت سوود لە ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٨) وەرگرێت کە لە سەندیکای ژمێریاران و وردبینانی عێراقی فیدرال دەرچووە ، وە بە تایبەتی ئەو برگانەی کە لەم ڕێنماییە نەهاتوە

٦- هەموو نووسینگەکانی ڕاوێژکاری یان ئەو کۆمپانیانەی کاری پراکتیکی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری ئەنجام دەدەن یان هەر لایەنێکی تر کە بەم کارە هەڵدەستێت بەپێی ئەم ڕێنماییە دەبێت خۆیان بگونجێنن لەگەڵ حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە لە ماوەی (٩٠) ڕۆژ لە بەرواری دەرچوونی .

٧- ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە بەرواری بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) .

**ئەنجومەنی**

**سەندیکای ژمێریاران و ووردبینان**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە:٩/٤/١٥١٦٧ لە ٣/١٢/ ٢٠١٩**

**ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٤) ساڵی ٢٠١٩**

**تایبەت بە هەڵوەشاندنەوەی ڕێنمایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٩**

پاڵپشت بە ماددەی (٥٠) لە یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ هەمواركراو و بەركار لە هەرێمی كوردستان و نووسراوی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦٠٤٨) لە ٢٠١٨/١١/١٤ و كۆنووسی لیژنەی پێداچوونەوە بە ڕێنماییەكانی دارایی ژمارە (١) لە ٢٠١٩/١١/٣ بڕیارەماندا بە:-

- هەڵوەشاندنەوەی رێنمایی دارایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٩ كە تایبەتە بە هەمواركردنی بڕوانامەی (ماستەر و دكتۆرا) .

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٨٠٢٤ لە ١/١٢/ ٢٠١٩**

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٩**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (١٧) بڕگە دووەم لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی كوردستان ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٠) ،بڕیارماندا بە:-

- جیاكردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی دیراسات و لێكۆڵینەوە و بە دواداچوون لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێركاری و بەستنەوەی بە دیوانی وەزارەت.

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٨٠٧٥ لە ٣/١٢/ ٢٠١٩**

**بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٩**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (١٧) بڕگە دووەم لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی كوردستان ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٠) ،بڕیارماندا بە:-

- گواستنەوەی دایەنگای بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی (١)ی سلێمانی بۆ سەر دیوانی وەزارەت بەشێوەی كاتی.

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٨٢٥٢ لە ٩/١٢/ ٢٠١٩**

**بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٩**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (١٧) بڕگە دووەم لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٠) ،بڕیارماندا بە:-

- کردنەوەی (بەڕێوەبەرایەتی گومرگی هەڵەبجە) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٨٣١٨ لە ١١/١٢/ ٢٠١٩**

**بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٩**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (١٧) بڕگە دووەم لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٠) ،بڕیارماندا بە:-

- کردنەوەی ( بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەت ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٨٣١٩ لە ١١/١٢/ ٢٠١٩**

**بەیانی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٩**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (١٧) بڕگە دووەم لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٠) ،بڕیارماندا بە:-

- کردنەوەی (بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٢٢١٥٠ لە ٢٠١٩/١٢/٤**

بەپێـی ئەو دەسـەڵاتەی پێمانـدراوە لە یاسـای وەزارەتـی نـاوخۆ ژمـارە (٦)ی سـاڵی ٢٠٠٩و ئامـاژە بەکۆنووسی کۆبوونەوەی نێوان بەرێوەبەری گشتی دیوان و بەرێوەبەرانی هـاتووچۆی پارێزگاکـان و بەرپرسـی هـۆبەی مـۆڵەت لە بەرێوەبەرایەتییەکـانی هـاتووچۆی پارێزگاکـان لە ٢٠١٩/١٠/٢٩ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بریارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە:-

**بەیانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٩**
**تایبەت بە سزای بەسەرچوونی مۆڵەتی شوفێری**

**ماددەی (١):-**

١- سزای پێبژاردنی (غرامة)ی بەسـەرچوونی مـۆڵەتی شـوفێری بەپێـی سـاڵ وەردەگیرێـت لە دوای بەسـەرچوونی مـۆڵەتەکە و بـڕی (٣٠,٠٠٠) تەنیـا سـی هەزار دینـار وەردەگیرێـت بـۆهەر سـاڵێکی دواکەوتن .

**ماددەی (٢):-**

ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچـونیەوە کـاری پـی دەکرێـت و لە رۆژنـامەی فەرمـی (وەقـایعی کوردسـتان) بڵاودەکرێتەوە.

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیـری نـاوخـۆ**

**وەزارەتی پەروەردە**
**ژمارە: ٢٤٢٤٤ لە ٢٠١٩/١٢/٨**

**بەیانی ژمارە(٨)ی ساڵی ٢٠١٩**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٢٢) بڕگەی سێیەمی یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمارە (٤) لە ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو بڕیارماندا بە :-

١- گۆڕینی ناوی بەڕێوەبەرایەتی ( بەڕێوەبەرایەتی توێژەرانی کۆمەڵایەتی دەروونی ) لە دیوانی وەزارەت / ب. گشتی پلان دانانی پەروەردەیی بۆ ناوی بەڕێوەبەرایەتی (ڕێنمایکارانی پەروەردەیی).

٢- گۆڕینی ناوی هۆبەی ( توێژەرانی کۆمەلایەتی و دەروونی ) لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەیی پارێزگاکان بۆ ناوی هۆبەی ( ڕێنمایکارانی پەروەردەیی ).

- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ڕێکەوتی٢٠١٩/١٢/٨.

**ئالان حمه سعيد صالح**
**وەزیری پەروەردە**

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە مادده ی (شەشەم / بڕگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە:-

**بەیانی ژمارە (٣٨)ی ساڵی ٢٠١٩**

- کردنەوەی (بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی ڕەواندز)لە قەزای رواندز سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/١١.

**بەیانی ژمارە (٣٩)ی ساڵی ٢٠١٩**

- گۆڕینی (بنکەی تەندروستی ئیسێوە)بۆ(مەڵبەندی تەندروستی ئێشکگری ئیسێوە)لە قەزای پشدەر سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/٢٥.

**بەیانی ژمارە (٤٠)ی ساڵی ٢٠١٩**

- گۆڕینی (مەڵبەندی تەندروستی سونێ) بۆ (مەڵبەندی تەندروستی ئێشکگری سونێ) لە قەزای پشدەر سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/٢٥.

**بەیانی ژمارە (٤١)ی ساڵی ٢٠١٩**

- گۆڕینی (بنکەی تەندروستی شەهید ئەسعەد سلێمان بێ ڕەشکەیی) بۆ (مەڵبەندی خۆپاراستنی تەندروستی سید صادق)لە قەزای سید صادق سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/٢٥.

**بەیانی ژمارە (٤٢)ی ساڵی ٢٠١٩**

- کردنەوەی (بەشی کۆنترۆڵکردنی شێرپەنجە)لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری تەندروستی لە دیوانی وەزارەتی تەندروستی کە پێك هاتووە لەم هۆبانەی خوارەوە .
- هۆبەی تۆماری شێرپەنجە.
- هۆبەی خۆپاراستن و دەستنیشانکردنی شێرپەنجە.
- هۆبەی بەدواداچوونی سەنتەرەکانی چارەسەرکردن.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/٢٧.

**د.سامان حسین بەرزنجی**

**وەزیری تەندروستی**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**برلمان كوردستان - العراق**

**رقم القرار: ١٣**

**تأريخ القرار: ٢٠١٩/١١/١٣**

## قرار

## رقم (١٣) لسنة ٢٠١٩

استناداً لحكم الفقرتين (ثانياً و رابعاً) من المادة (٢٨) و المادة (٣٤) من النظام الداخلي للبرلمان كوردستان ـ العراق، قرر برلمان كوردستان بجلسته الاعتيادية المرقمة (٧) للدورة الانتخابية الخامسة والمنعقدة بتاريخ ٢٠١٩/١١/١٣، مايلي:

**اولاً:** قبول استقالة اعضاء برلمان المدرجة اسماءهم ادناه من عضوية اللجان الاتية:

١ـ (ارشد حسين محمد) من عضوية لجنة الشؤون القانونية.
٢ـ (على حمه صالح ) من عضوية لجنة المالية والشؤون الاقتصادية.
٣ـ (نزار ملا عبدالغفار) من عضوية لجنة الشؤون الپيشمەرگە.
٤ـ (روميو حزيران نيسان) من عضوية لجنة الشؤون الپيشمەرگە.
٥ـ (شاخەوان رؤوف مصطفى) من عضوية لجنة الشؤون الپيشمەرگە.
٦ـ (محى الدين حسن يوسف) من عضوية لجنة الزراعة والري.
٧ـ (زيدان رشيد خان اودل) من عضوية لجنة الزراعة والري.
٨ـ (اسماعيل على طه) من عضوية لجنة الزراعة والري.
٩ـ (عثمان على سمايل) من عضوية لجنة الزراعة والري.
١٠ـ (صباح محمود محمد) من عضوية لجنة الزراعة والري.
١١ـ (شادى نوزاد وهاب) من عضوية لجنة التربية والتعليم العالي والبحث العلمي.
١٢ـ (سەروان محمد على) من عضوية لجنة الشؤون الشهداء والجينوسايد والمعتقلين السياسيين.
١٣ـ (عبدالناصر احمد على) من عضوية لجنة الشؤون الشهداء والجينوسايد والمعتقلين السياسيين.
١٤ـ (رزگار محمد محمود) من عضوية لجنة الشؤون الشهداء والجينوسايد والمعتقلين السياسيين.
١٥ـ (ئاشنا عبدالله قادر) من عضوية لجنة العلاقات والجالية الكوردستانية.
١٦ـ (عبدالستار مجيد قادر) من عضوية لجنة العلاقات والجالية الكوردستانية.
١٧ـ (سلمه فاتح توفيق) من عضوية لجنة العلاقات والجالية الكوردستانية.
ومن عضوية لجنة الشؤون الاجتماعية والدفاع عن حقوق الإنسان.
١٨ـ (سفين اغا عمر) من عضوية لجنة المناطق الكوردستانية خارج الاقليم.
١٩ـ (بەلين اسماعيل حاجى) من عضوية لجنة الطاقة والثروات الطبيعية والصناعة والتجارة.
٢٠ـ (شوان كريم محمد) من عضوية لجنة البلديات والنقل والاتصالات والسياحة.

٢١- (بهجت على ابراهيم) من عضوية لجنة البلديات والنقل والاتصالات والسياحة.
٢٢- (ظاهر محمد على) من عضوية لجنة البلديات والنقل والاتصالات والسياحة.
٢٣- (هاورى بناء محمد) من عضوية لجنة البلديات والنقل والاتصالات والسياحة.
٢٤- (سعيد مصطفى تەتەرخان) من عضوية لجنة الثقافة والمجتمع المدني والرياضة والشباب.
٢٥- (لقمان حمد حاجى) من عضوية لجنة الثقافة والمجتمع المدني والرياضة والشباب.
٢٦- (مسلم عبدالله رسول) من عضوية لجنة الثقافة والمجتمع المدني والرياضة والشباب.
٢٧- (روبينا اويملك عزيز) من عضوية لجنة النزاهة.
٢٨- (كاوه عبدالقادر حسن) من عضوية لجنة الأوقاف والشؤون الدينية.
٢٩- (جوان يونس محمد) من عضوية لجنة الشؤون الاجتماعية والدفاع عن حقوق الإنسان.
٣٠- (احسان محمد سليم) من عضوية لجنة الشؤون الاجتماعية والدفاع عن حقوق الإنسان.

**ثانياً:** اضافة اعضاء برلمان المدرجة اسماءهم ادناه الى اللجان الاتية:

١- (روژان ابراهيم على) لجنة الشؤون القانونية.
٢- (سەركو ئازاد حسين) لجنة المالية والشؤون الاقتصادية.
٣- (بەلين اسماعيل حاجى) لجنة المالية والشؤون الاقتصادية.
٤- (بژار خالد عبدالله) لجنة الشؤون البيشمەرگە.
٥- (سعيد مصطفى تەتەرخان) لجنة الشؤون البيشمەرگە.
٦- (باپير كاملا سليمان) لجنة الشؤون البيشمەرگە.
٧- (رزگار محمد محمود) لجنة الشؤون البيشمەرگە.
٨- (گلستان باقي سليمان) لجنة الزراعة والري.
٩- (عبدالستار مجيد قادر) لجنة الزراعة والري.
١٠- (هلز احمد محمد) لجنة الزراعة والري.
١١- (جنان جبار بويا) لجنة الزراعة والري.
١٢- (احسان محمد سليم) لجنة الزراعة والري.
١٣- (مسلم عبدالله رسول) لجنة التربية والتعليم العالي والبحث العلمي.
١٤- (لنجه ابراهيم عبدالرحمن) لجنة الشؤون الشهداء والجينوسايد والمعتقلين السياسيين.
١٥- (رۆژان محمد كريم) لجنة الشؤون الشهداء والجينوسايد والمعتقلين السياسيين.
١٦- (شاخەوان رؤوف مصطفى) لجنة الشؤون الشهداء والجينوسايد والمعتقلين السياسيين.
١٧- (ابوبكر عمر عبدالله) لجنة العلاقات والجالية الكوردستانية.
١٨- (روبينا اويملك عزيز) لجنة المناطق الكوردستانية خارج الإقليم.
١٩- (على حمه صالح) لجنة الطاقة والثروات الطبيعية والصناعة والتجارة.
٢٠- (نجاة شعبان عبدالله) لجنة البلديات والنقل والاتصالات والسياحة.
٢١- (زيدان رشيدخان اودل) لجنة البلديات والنقل والاتصالات والسياحة.

| | |
|---|---|
| ٢٢ـ (لقمان محمد حاجى) | لجنة البلديات والنقل والاتصالات والسياحة. |
| ٢٣ـ (محى الدين حسن يوسف) | لجنة البلديات والنقل والاتصالات والسياحة. |
| ٢٤ـ (گليزار رشيد حاجى) | لجنة الثقافة والمجتمع المدني والرياضة والشباب. |
| ٢٥ـ (سلمه فاتح توفيق) | لجنة الثقافة والمجتمع المدني والرياضة والشباب. |
| ٢٦ـ (هيڤيدار احمد سلمان) | لجنة النزاهة. |
| ٢٧ـ (كاظم فاروق نامق) | لجنة الأوقاف والشؤون الدينية. |
| ٢٨ـ (ليلى عبدالجبار حدو) | لجنة الشؤون الاجتماعية والدفاع عن حقوق الإنسان. |
| ٢٩ـ (شيرين يونس عبدالله) | لجنة الشؤون الاجتماعية والدفاع عن حقوق الإنسان. و لجنة العلاقات والجالية الكوردستانية. |
| ٣٠ـ (ذكرى احمد اسماعيل) | لجنة الشؤون الاجتماعية والدفاع عن حقوق الإنسان. |
| ٣١ـ (هيمداد صباح بلال) | لجنة الشؤون الاجتماعية والدفاع عن حقوق الإنسان. |
| ٣٢ـ (حسيبه سعيد ابرهيم) | لجنة الشؤون الاجتماعية والدفاع عن حقوق الإنسان. |

**ثالثاً:** ينفذ هذا القرار من تاريخ اقراره في ٢٠١٩/١١/١٣ وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**د. ريَواز فايق حسين**
**رئيس برلمان كوردستان - العراق**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**برلمان كوردستان - العراق**

**رقم القرار: ١٤**

**تأريخ القرار: ٢٠١٩/١١/١٣**

**قرار**

**رقم (١٤) لسنة ٢٠١٩**

استناداً لحكم المادتين (٢٨ و ٢٩) من النظام الداخلي للبرلمان كوردستان ـ العراق، قرر برلمان كوردستان بجلسته الاعتيادية المرقمة (٧) للدورة الانتخابية الخامسة والمنعقدة بتاريخ ٢٠١٩/١١/١٣، مايلي:

**اولاً: ١- لجنة الداخلية والأمن والمجالس المحلية:**

١- أرشد حسين محمد

٢- نزار ملا عبدالغفار

٣-محسن حسين مصطفى

٤- حكمت محمد عبوزيد

٥- رزگار عيسى سوار

٦- بالانبو محمد على

٧- عبدالناصر احمد على

٨- هاورى بناء محمد

٩- شاخەوان رؤوف مصطفى

١٠- ياسين خضر طه

١١- كاوه عبدالقادر حسن

**٢- لجنة الإعمار والاستثمار:**

١- سفين اغا عمر

٢- ظاهر محمد على

٣-بهمن كاك عبدالله احمد

٤- بهجت على ابراهيم

٥- شوان كريم محمد

٦- هاورى بناء محمد

٧- شمول اشين صابر

٨- دابان محمد حسين

٩- عثمان على سمايل

١٠- موژده محمود محمد

١١- سارا دلشاد بكر

**٣- لجنة شؤون البرلمان والشكاوي:**

١- سوسن محمد ميرخان

٢- چيا حميد شريف

٣- ريڤينگ محمد محمدعلى

٤- سروان محمد على

٥- خديجه عمر طه

٦- راهى راهبەر ابراهيم

٧- هەژان حسن احمد

٨- شايان كاكه صالح

٩- اسماعيل على طه

١٠- هيمداد صباح بلال

١١- فريد يعقوب ايليا

**٤- لجنة الدفاع عن حقوق المرأة:**

١- جلال محمد عبدالله

٢- لنجه ابراهيم عبدالرحمن

٣- جوان يونس محمد

٤- سلمه فاتح توفيق

٥- گلستان سعيد محمد

٦- ئاشنا عبدالله قادر

٧- شاد نوزاد وهاب

٨- بدريه اسماعيل محمود

**ثانياً:** على اللجان المشكلة انتخاب (رئيس ونائباً للرئيس ومقرراً) لها من بين اعضائها.

**ثالثاً:** ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ ٢٠١٩/١١/١٣ وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**د. رێواز فايق حسين**
**رئيس برلمان كوردستان - العراق**

بسم الله الرحمن الرحيم

**باسم الشعب**
**برلمان كوردستان ـ العراق**
**رقم الأمر: ٩**
**تاريخ الأمر: ٢٠١٩/١١/٢٦**

**أمـــر**
**رقم (٩) لسنة ٢٠١٩**

استناداً الى قرار رقم (٤ و ١٤) الصادر لسنة ٢٠١٩ برلمان كوردستان وحكم الفقرتين (ثالثاً و خامساً) من المادة (٢٨) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان، يتولى أعضاء اللجان الدائمية للبرلمان الواردة أسماؤهم أدناه المهام المؤشرة ازاء كل منهم:

**اولاً: لجنة الشؤون الپێشمەرگە:**

١ـ رزگار محمد محمود		مقرراً للجنة

**ثانياً: لجنة الداخلية والأمن والمجالس المحلية:**

١ـ شاخەوان رؤوف مصطفى		رئيساً للجنة
٢ـ بالانبو محمد على		نائباً للرئيس اللجنة
٣ـ حكمت محمد عبوزيد		مقرراً للجنة

**ثالثاً: لجنة الزراعة والري:**

١ـ عبدالستار مجيد قادر		رئيساً للجنة

**رابعاً: لجنة التربية والتعليم العالي والبحث العلمي:**

١ـ مسلم عبدالله رسول		نائباً للرئيس اللجنة

**خامساً: لجنة العلاقات والجالية الكوردستانية:**

١ـ ابوبكر عمر عبدالله		مقرراً للجنة

**سادساً: لجنة الطاقة والثروات الطبيعية والصناعة والتجارة:**

١ـ على حمه صالح		رئيساً للجنة

**سابعاً: لجنة البلديات والنقل والاتصالات والسياحة:**

١ـ لقمان حمد حاجى		رئيساً للجنة

**ثامناً: لجنة الإعمار والاستثمار:**

١ـ هاورى بناء محمد رئيساً للجنة

٢ـ بهمن علي ابراهيم نائباً للرئيس اللجنة

٣ـ ظاهر محمد على مقرراً للجنة

**تاسعاً: لجنة الثقافة والمجتمع المدني والرياضة والشباب:**

١ـ سلمه فاتح توفيق رئيساً للجنة

**عاشراً: لجنة الشؤون البرلمان والشكاوي:**

١ـ اسماعيل على طه رئيساً للجنة

٢ـ چيا حميد شريف نائباً للرئيس اللجنة

**الحادية عشر: لجنة الدفاع عن حقوق المرأة:**

١ـ لنجه ابراهيم عبدالرحمن رئيساً للجنة

٢ـ ئاشنا عبدالله قادر نائباً للرئيس اللجنة

**د. رێواز فايق حسين**
**رئيس برلمان كوردستان – العراق**

**نقابة المحاسبين والمدققين**

**رقم:٨٧١٢ في ٢٠١٩/١٢/٥**

استناداً لأحكام القانون رقم (١٨) لسنة ٢٠٠٠ و قرر مجلس نقابة المحاسبين والمدققين بجلسته المنعقدة بتاريخ (٢٠١٩/١١/٣) إصدار التعليمات الأتية:

**تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠١٩**

**تعليمات تأسيس و مزاولة عمل مكاتب الخدمات الاستشارية ( المالية و المحاسبية و الادارية و الضريبة )**

**أولا:** يقصد بالمصطلحات التالية المعاني المبينة ازاها كما يلى :-

١- **النقابة :** نقابة المحاسبين و المدققين لأقليم كوردستان .

٢- **اللجنة :** اللجنة المشرفة على عمل مكاتب الخدمات الاستشارية .

٣- **مكتب خدمات الاستشارات :** الشخص او(الأشخاص) الطبيعيين المجازين بموجب هذا التعليمات من ذوى الخبرة والكفاءة يجيزهم مجلس النقابة بعد اجتيازهم للاختبارات التي تقررها اللجنة .

٤- **المكتب الاستشارى :** المكتب المجاز بممارسة مهنة خدمات الاستشارات (المالية و المحاسبية و الادارية و الضريبية) الى الجهات كافة الحكومية و الاهلية ( مقابل اجور) .

**ثانيا:**- يقصد بخدمات الاستشارات (المالية و المحاسبية و الادارية و الضريبية) مايلى :-

١- الخدمات المحاسبية و الادارية المتعلقة بالتدريب المحاسبي و التدقيق الداخلي و المالي و الاداري والمهنى و اقامة الدورات المهنية في المجالات المذكورة .

٢- تطوير و تقييم البرامج المحاسبية و برامج التدقيق الداخلي و الرقابة الداخلية.

٣- تقييم الموجودات و دراسة وتقيم نظم الرقابة الداخلية واعادة هيكل الوحدات الاقتصادية و اقامة ورشات العمل اللازمة لتطوير وتنمية الكوادر لكافة الوحدات الاقتصادية .

٤- الدورات التدريبه حول المعايير الدولية (محاسبية و تدقيقية) و الدعم المحاسبي للتحول الى تطبيق IFRS .

٥- تقديم خدمات الاستشارات الضريبية وتشمل كافة الخدمات المتعلقة بالضريبة الخاصة بالاستقطاع المباشر و ضريبة الشركات من عمليات احتساب ومراجعة او تمثيل و التوقيع بالنيابة و دفع المستحقات الضريبية و الاعتراض على التخمين و استلام براءه الذمة واية تعاملات اخرى تخص الدوائر الضريبة .

**ثالثاً:**-تؤسس لجنة خدمات الاستشارات من اربعة اشخاص و كمـــا مـذكور في ادناه و تســتمر لمدة اربع سنوات – قابلة للتجديد مرة واحدة – (و تكون ايراداتها و مصروفاتها جزء من ميزانية النقابة) و تتخذ من النقابة مقر لعملها.

١- دكتورا محاسبة او محاسب قانوني يتم اختياره من قبل مجلس النقابة رئيساً .

٢-ممثل عن الجمعية العلمية للمحاسبين القانونيين عضو .

٣- ممثل عن مجلس المهنية (حامل لشهادة عليا) عضو .

٤- مقرر للجنة يتم اختياره من قبل مجلس النقابة عضو .

**رابعا:**-يجوز لاعضاء النقابة التقديم للحصول على اجازة خبير خدمات استشارات وفقا للشروط التالية
١- ان يكون شخصا طبيعياً او اكثر .
٢- ان يكون (يكونوا) عراقي الجنسية .
٣- ان يكون (يكونوا) مواطني الاقليم .
٤- ان يكون حاصلا على شهادة جامعية في الاختصاصات المحاسبية او الادارية و يفضل ان يكون من حملة الشهادات العليا .
٥- له خبرة لاتقل عن (١٥) سنة لحاملي شهادة البكالوريوس و (١٢) سنة للحاصلين على شهادة الماجستير و (١٠) سنوات للحاصلين على شهادات الدكتورا بعد الحصول على الشهادة الجامعية الاولية
٦- يجوز لشركات التدقيق (وكذلك مراقبي و منظمي الحسابات) تقديم طلب الحصول على الاجازة على ان يكونوا من الاشخاص الطبيعيين .
٧- ان يكون له محل عمل مناسب يمارس فية الخدمات الاستشارية ويزود مجلس النقابة بعنوانه و نسخة من عقد الايجار ( اوالتملك )و يجوز لشركات التدقيق (مراقبى و منظمي الحسابات) ممارسة النشاط في مقر الشركة او المكتب .
٨- ان يتفرغ لممارسة نشاط الخدمات الاستشارية ( اى ان لايكون موظفاً حكومياً).

**خامسا:**- اجراءات التاسيس .
١- يقدم طلب التاسيس موقع من المؤسس (المؤسسين) و ترفق به المتطلبات و الوثائق المعززه بمستندات اصولية .
٢- على اللجنة الخاصة بمنح الاجازه استدعاء مقدم الطلب و مناقشته ( واجراء الاختبارات اللازمة له) للتاكد من خبراته المهنية و كفاءته وصحة الوثائق المقدمة من قبله .
٣-يتم البت بقبول الطلب من عدمه خلال (٦٠) ستون يوماً من تأريخ المقابلة و اذا مضت المدة دون البت بها يعتبر الطلب مقبولا .
٤- في حالة رفض الطلب يجب ان يكون بقرار مسبب و لصا حب(اصحاب) الطلب الطعن به خلال (٣٠) يوم لدى مجلس النقابة و التي يكون قرارها باتا .
٥- للجنة الاستعانة بالخبراء و حملة الشهادة العليا في الاختصاصات المختلفة عند اجراء المقابلة او الاختبارات اذا اقتضت الحاجة لذلك .

**سادسا:**- تستوفي الرسوم التالية من المكاتب الاستشارية.
١- رسم منح اجازه فتح المكتب (٢٠٠,٠٠٠) مائتى الف دينار.
٢- الرسم السنوي (٧٥,٠٠٠) خمسة و سبعون الف دينار
٣- رسم النشر في النشرة السنوية (٢٥,٠٠٠) خسمة و عشرون الف دينار .

**سابعا:**-التزامات المكتب الاستشارى .

١- الالتزام بقواعد السلوك المهني الصادرة من الاتحاد الدولي للمحاسبين

٢- المسوؤلية الشخصية والتضامنية عن كل اعمال المكتب واعمال الموظفين العاملين فيه .

٣- للجنة الخاصة احالة اي مكتب الى لجنة الانضباط في حالة ثبوب اية مخالفة اوبناء على شكوى تحريرية تتعلق بأداء العمل .

٤- للجنة الانضباط اصدار العقوبات التالية:

- الانذار : ويكون بكتاب تحريرى يوجه الى المكتب الاستشاري .

- منع مزاولة المهنة لمدة عام .

- إلغاء الإجازه.

٥- يكون قرار لجنة الانضباط قابل للطعن لدى مجلس النقابة خلال مدة ثلاثون يوم من تأريخ التبليغ و يكون قرار المجلس باتا.

٦- لمن الغيت اجازته ان يتقدم بطلب جديد الى اللجنة بعد مرور (٣) سنوات على قرار الغاء الاجازة

**ثامنا:**- تجميد نشاط المكتب الاستشاري .

١- لمؤسس (أو مؤسسوا) المكتب الاستشاري تجميد نشاط المكتب لمدة لاتزيد عن (٣) ثلاث سنوات على ان يشعر النقابة بذلك خلال (٣٠) يوم من تاريخ بدأ التجميد و يرفق معه اقرار خطي يتضمن عدم وجود اي التزامات تجاه الغير .

٢- على النقابة تعميم قرار التجميد متضمنا تاريخ بدأء و انتهائه ( بالتعليق في لوحة اعلانات النقابة)

٣- على المكتب المجمد اعادة مزاولة نشاطه عند انتهاء مدة التجميد و عليه ان يشعر النقابة بذلك خلال (٣٠) ثلاثون يوم من تأريخ انتهاء التجميد و يسدد كافة الرسوم لعملية التجديد لتلك السنة .

٤- اذا انتهت مدة التجميد ولم يعاود المكتب نشاطه يتم الغاء الاجازة .

٥- للمكتب الذي تم الغاء اجازته طلب اجازة جديدة لاحقاً .

**تاسعا:**- انقضاء المكتب الاستشاري.

١- بناء على طلب المؤسس ( او المؤسسين )

٢- الوفاة اذاكان المؤسس شخصا واحدا اما اذكان اكثر من شخص فيستمر بقية الموسسين و يعدل اسم المكتب ان وجدت الحاجة .

٣- فقدان احد شروط التأسيس اذا كان المؤسس شخصا واحدا اما اذا كان الموسس اكثر من شخص فيستمر المكتب بباقى الشركاء .

٤- الغاء اجازة المكتب الاستشاري وفقا لهذه التعليمات.

٥- يشترط لانقضاء المكتب صدور قرار من الجهة المانحة للاجازة .

٦- تتولى نقابة المحاسبين والمدققين تثبيت قرار الانقضاء في سجلاتها والاعلان عن ذلك ( بالتعليق في لوحة اعلانات النقابة)

**عاشرا:-**

١- لايجوز للمكتب الأستشاري ممارسة الخدمات الضريبية الا بوكالة رسمية من الملكف الضريبي مختومة من كاتب العدل على ان يكون الاشخاص المخولين بهذه الوكالة باسم المكتب الاستشارى او بأسماء المخولين من موظفي المكتب و المسجلين لدى اللجنة .

٢- يقدم مؤسس (او مؤسسوا) المكتب تعهدا بان الموظفين يعلمون لدى مكتبه بصورة مستقلة ولايعملون لدى جهة اخرى او مكتب اخر و عدم الالتزام بذلك يعتبر تقصيرا مهنيا يترتب عليه عقوبات وفقا لهذه التعليمات .

٣-يمنح كل مكتب استشاري عن تاسيسه اجازة ممارسة المهنة تعلق في مكان العمل و يستخدم في المراسلات لاثبات اجازة ممارسة المهنة و تعتبر من مسوؤلية اللجنة تحديد المهام و الاستشارات التى تقع ضمن صلاحية المكتب المجاز بموجب هذه التعليمات

**احدى عشر:-**

١- يعتبر عنوان المكتب الاستشاري المسجل عنواناً لمراسلاته وتبليغاته .

٢- للجنة المشرفة على عمل مكاتب الخدمات الاستشارية اعادة النظر في رسم منح الاجازة و الرسم السنوي و رسم النشر في النشرة السنوية سنوياً بمايتلائم مع الوضع الاقتصادى في الاقليم .

٣-على المكتب ان يثبت أسمه كاملاً على مكتبة ويجب أن يثبت ذلك على كل ما يصدر عنه .

٤- تقوم اللجنة سنوياً بتنظيم نشرة بأسماء المكاتب الأستشارية المجازة بموجب هذه التعليمات وتتولى نقابة المحاسبين أصدارها ونشرها خلال الأشهر الثلاثة الأولى من كل سنة وتعتبر المكاتب المنشورة أسمها هي فقط الرسمية والمجازة بممارسة المهنة .

٥- لغرض تسهيل تنفيذ هذه التعليمات للجنة المشرفة على عمل مكاتب الخدمات الاستشارية الاستفادة من تعليمات رقم (١) لسنة (٢٠١٨) الصادرة من نقابة المحاسبين و المدققين العراقيين الفيدرالى و خاصة في البنود و الفقرات التي لم يتم ذكرها في هذه التعليمات .

٦- على كافة المكاتب الأستشارية أو الشركات التي تمارس نشاط تقديم الخدمات الاستشارية أو أية جهة أخرى تقدم أية نوع من الاستشارات المذكورة في هذه التعليمات تكييف أوضاعها وفق أحكام هذا التعليمات خلال ( ٩٠ ) يوماً من تاريخ نفاذه.

٧- تنفذ هذه التعليمات أعتباراً من تاريخ نشرها في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) .

**مجلس**
**نقابة المحاسبين والمدقيقين**